پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی بەیانی لە ڕۆژی جومعەدا: (سورەتی السجدة والإنسان)ی دەخوێند

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی بەیانی لە ڕۆژی جومعەدا: (الم تَنْزِيلُ السَّجْدَةَ و هَلْ أتى على الإنسان - سورەتی السجدة والإنسان)ی دەخوێند».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خووی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وا بوو کە لە نوێژی بەیانی ڕۆژی جومعەدا: -سورەتی السجدة- بخوێنێت لە پاش خوێنی -سورەتی الفاتحة- لە ڕکاتی یەکەمدا، و -سورەتی الإنسان- بخوێنێت پاش خوێندنی -سورەتی الفاتحة- لە ڕکاتی دووەمدا، ئەمیش بۆ بیرهێنانەوە ئەو ڕووداوە مەزنانەی کە لەم ڕۆژەدا ڕوویانداوە وڕوودەدەن لە داهاتوودا، وەکو: دروستکردنی ئادەم وبیرهێنانەوەی زیندووبوونەوە وکۆکردنەوە بەندەکان وڕووداوەکانی قیامەت وجگە لەمانە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5320